## خانووەکانمان بەرز دەبنەوە.. خۆمان نزم دەبینەوە

فاضل قەرەداغی

٢٠٠٤/٧/٦

رۆژ نییە خانووی دوو نهۆم بەرز نەبێتەوە یان خانووی یەك نهۆم نەکرێتە کۆشك ، قسەی کارمەندێکی تەندروستیش دەگێرمەوە کە ئێستا نەناوی دەزانم و نەشکڵیم دێتە بەرچاو .کابرا باسی کرد چۆن کچێکی سلێمانییان بۆ نەخۆشخانەی فێرکاری هێنابوو بۆ ئەوەی کۆرپەلەی ناو سکی لەباربرێت. ئەوانەی کچەیان هێنابوو ئەمنی حزبی بەعس بوون ، باوکی کچەش هاتبوو ، بەپێی قسەی کارمەندە تەندروستییەکەش تێگەیشتم دەلاڵی کچەکە باوکەکەی بوو ، موشتەرییەکانیش ئەمنە عەرەبەکان بوو. کارمەندەکە وتی ئەمنە عەرەبەکە پێی وت : کاتی خۆی رائیدێکی کورد مەشقی سەربازی پیّ دەکردین ، جارێکیان ئەو ئەفسەرە کوردە پێی وتین : "ئێمەی کورد خانووەکانمان نزمن بەلاّم شەرفمان بەرزە" ئەمنە عەرەبەکە قسەی خۆی تەواو کردو بە کارمەندەکەی وت : "بەلاّم ئێستا ئێوە خانووەکانتان بەرزن‌و شەرفتان نزمە".

بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم رەخنە لەو قسەیە بگرم چونکە بە چاوی خۆم دیبووم چۆن سەدان هەزار جاشی کورد هەبوون و دەیان موستەشاری ئەو فەوجە جاشانە هەبوون کە هەریەکەیان شەرەڤ خۆی فرۆشتبوو ، بەچاوی خۆشم دیم چۆن ژمارەیەك لەو موستەشارانە بە سەربەزی لەناو دوو حزبی دەسەلاّتداری کوردستانی پاش راپەرین جێیان بۆتەوەو دیسانیش بە چاوی خۆم بینیم وەك چۆن هەموو خەڵکی بینییان کە بە دەگمەن نەبێت کەس لەبەرپرسان نەما گومانی لە هەبوونی پەیوەندی بە بەعسەوە هەبێت .. ئەمەش جگە لەوەی زۆر لەو بەرپرسانەی بە راوڕووتی سامان نەوەستاونەتەوەو وایان لێ هاتووە ئینجا گوێ نەدەنە شەرەڤ ئافرەتی کوردو تەنانەت سڵ ناکەنەوە لە پەیوەندی بەستن لەو ژنانەی مێردەکانیان بە شەهید حزب و کوردو کوردستان ناونووس کراون .ئەمرۆش کە ئەمەریکا لە عیراق و کوردستاندایە بە دووری مەزانن کوردی کوردپەروەر ئافرەتی کورد بۆ ئەفسەرە ئەمەریکییەکان بەرن .

لە ئێستاشەوە تا کاتێکی دیاری نەکراو نهۆمەکان زیاد دەبن‌و خانووەکان بەرز دەبنەوە و تەلاری بازرگانی سێبەر بۆ شەقامە گشتییەکان دروست دەکەن بەلاّم رەوشتی کۆمەڵگە بەرەو نزمتر دەبرێت وپێش کۆمەڵگە ئابڕووی بەرپرسان بە خوڕ دەتەکێ بەلاّم هێشتا ئەمانە بەرپرسمانن‌و ماڵمان خراپتر و وێرانتر دەکەن.